www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 24-2-2007 12:32

## پرسیاریک لە کۆمپانیای ووشە ... توانا ڕەسول

لای هەموو کەس ئاشکرایە کە کۆمپانیایی ووشە بە تەمایە دەزگایەکی ڕاگەیاندنی ئازاد دا دە مەزرینیت کەم کەس هەیە پیی خۆش نەبیت جەگە لە وانەی بە دروست بوونی دەزگایەکی لەو شیوەیە بە ڕژەوەند یە تایبە تەکانیان ئە کە ویتە ژیرەوە بەلام پرسیار ئەوەیە ئەم دەزگایە بە ڕاستی سەر بەخۆیە یان ئەمە تاکتیکیکی تری حیزب خۆیەتی بۆ خۆل کردنە چاوی هاوولاتیان دروستی پرسیارەککەش ئەوەیە ئەم دە زگایە کی خاوەنی ڕاستە قینەیەتی بۆ لەم کاتە دا هەوولی دروستکرنی ئەدەن خۆ لای هەمووان ئاشکرایە ئەوانەی ئەیبەن بەریوە کین یەکیکن لە هەرە بالا دەستەکانی خودی حیزب خۆیان بەریوبەرە کانیان م س حیزبی دەستەلاتدار ترین حیزبی کوردستان بوون ئایا بە ڕاستی ئەم دزگایە ئەبیتە جیی متمانە ی خەلکی کوردستان یان ئە مانیش هیچ باکیان بە متمانە خەلك نیە وەك سالیك پیش ئیستەیان تۆ بلیی ئەمانە بە ڕاستی واز یان لە ئیمتیا زە تایبەتەکانیان هینابیت و خۆیان بخەنەوە ناو میلەتەوە مەبەستم خەلکی بیلایەنە باشە ئەگەر پرسیاریك لە خۆیان بکەن کاتیك خۆ پیشاندانەکەی هەلبجە و سلیمانی ڕویدا ئەویش پری خەلك بوو لە نا یەکسانیەکان ئەم برادەرانە ئەوکاتە سەر قالی ئەوە نەبوون کە خەلکی فریو بدەن و بلین ئەمە گیرە شیوینیە کە هەموو کە س زانی لەسەر مردووەکان خەلکی زیندویان کوشت ئەو کاتە ئەم برا درانە بەر ژەوەندیان لەگەل حیزبدا نەبوو ئایا ئەم برادەرانە وەك ئەوانی تر بەشیك نین لە دروست بوونی ئەم وەزعە پر گەندەلیەی ئیستا کەهەیە ئەگەر وانیە یان بەڕاستی ئازادیان کردتە ریگای ڕاستی خویان بابین لە دەزگا ی ڕاگە یاندنەکەی خۆیانەوە چیان لەسەر حسابی حیزب و حکومەت پەیدا کردووە هیچ نەبیت دیاری بکەن یان ئەمانیش ئیش بۆ گرتنە دەستی دەستەلات هەول ئەدەن کە ئەمە حەقیکی ڕاستە قینەی خۆیانە ئەگینا بۆ ناتوانن هەر لە ناو حیزبدا بەردەوام بن لە چاك سازی خۆیان پرسیاری گەورەی من ئەوەیە زۆرینەی ئەو خەلکەی کە بی لاینی کاریان دەکرد و زۆریك لە ڕۆشبیرانی ئەمرۆی کۆردستان نیان لەخۆیان کۆ کردۆتەوە بۆ بیدەنگ کردنی ئەو دەنکانە و چەواشەکردنی هەموو نەبیت هیوادارم ئەم پرسیارەی من نەبیت و ئیمەش وەك هەموو وولاتانی دنیا ببینە وولاتی دامەزراوەی ئازاد چەند ین کۆمپانیای تری وە کۆمپانیای ووشەی تیا دامەزریت .

twanarasul@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.